# پرسی ژن و
# دەستنیشانکردنی ئاسۆکانی چارەسەریی



■ ئەمڕۆ یەکێك لە گرینگترین و سەرەکیترین پرسەکان لەکومەڵگای کوردیدا پرسی ژنە کە نە تەنیا پەیوەندیی قووڵی بەژیانی گشتی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش بەچۆنایەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی سیاسەتی کوردیشەوە بەستراوەتەوە. بەر لەهەموو شتێك پێویستە هەموومان لەسەر ئەم هەقیقەتە کۆك بین کە سیاسەتی کوردی بەتایبەتی و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی لە سەد ساڵی رابردوودا لەپێناو وەگەڕخستنی سیاسەتێکی کاریگەر و دەستنیشانکردنی ئاسۆیەکی چارەسەریی لەگۆڕەپانی پرسی ژندا هیچ سەرکەوتنیکی نەبووە.

بەلایەنی کەم رۆژانە کوشتنی ژنان ماڵپەری رۆژنامەکان دەڕازێنێتەوە، کوشتن و خۆکوژی دڵی مرۆڤ هەلاهەلا دەکات، بەڵێ ژن دەکوژرێت، دەدزرێن، جگە لەوەی هەموو کەس خاوەنی هەست وگیانە، ئەمە راستییەکە و هەمووومان زۆر جاران خستوومانەتەڕوو تا چ رادەیەك خەڵك دەزانێت دەربارەی ئەو پرسەی باسی دەکات، ناخوازین شتێك بڵێین، ئەو کاتەی زۆر باسی شتێك کراو بوو بە مۆدێك بەڵام بۆ چارەسەرکردنی تەڤگەر و هەوڵدانێك نەبێت ئەوا هەوڵەکان ناکام دەبن و لە جیددیەتی پرسەکە کەم دەکاتەوە، ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە کورد بە فەرمی قبوڵ ناکرێت، بەڵام ئەو کاتەی باسی ناوی کوردی دەکرێت دەبێتە ناوەندی هەواڵەکان، بەگوێرەی یاساکانی رۆژنامەگەری پێویستە ناو کەسایەتی تەئشیر نەکرێت، بەڵام ئەوکاتەی مرۆڤ دەبێتە ئەم یاسایە زۆر بە سانایی ژێر پێ دەکرێت. لە وڵاتانی ئەورووپا ئەو کاتەی عەرەبێك یاخود ئێرانیەك ژنی خۆی بکوژێت کەس باسی ناوی ناکات و ناوی ناهێنی بەڵام کوردەکان ناوی کوردەکە دەکەنە سەردێری هەواڵەکان، چاپەمەنی تورکیا لە نێوەندەدا فرت و فێڵێکی زۆر دەکات، بەچاوانیان نیگا دەکەن، پەنجەیان بۆ کوردستان درێژ دەکەن، راستە لەنێو کورداندا ئەگەر ژنێك نامووسی پیاوەکەت پیست بکات کوشتنی رەوایە، ئێمە رۆژانە ئەوە دەبیستین کە کوشتن لەسەر ناموس تەنیا لە نێو کوردان نییە، بەگوێرەی راپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی(Emnest International) لە (٨) وڵاتی جیهان ئەم دیاردەیە بەشێوەی سیستماتیك پیادە دەکرێت، لەم نێوەندەدا وڵاتانی وەکو سوریا، ئێران، لوبنان، سۆماڵ سەرکێشی دەکەن، لە یاساکانی ئەو وڵاتانە کوشتنی ژنان لەسەر ناموس لەلایەن پیاوانەوە رێکخراوە، یاخود ئەو مافە بەپیاوان دەدات.

دیارە ژن ئەساسی مەسەلەکە نییە کە لەسەری رابووەستین و گفتوگۆیان لەسەر بکەین، بەڵکو لە ئەساسدا پێویستە مرۆڤ لەسەر رەوشی پیاو بووەستێت: ئەوەی بن دەستە پیاوە ژن نییە، ئەرکی نامووس لە پیاوان بارکراوە، پیاو بوونە ئیشکگری پاراستنی نامووس.

پێویستە ژنانی کورد داوای هەموو جۆرە مافەکانیان بکەن، لەبواری هەبوونی خۆیدا ئازا و خاوەن بڕیار بێت، خاوەنی بڕیارەکانی هەست وگیان و جەستەی خۆی بێت، لە هەمووی گرنگتر لە ژیانی خۆیدا سەربەخۆبێت لە قسەکانی، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەمە بێت نەکەوێتە پسووی ئەو کەسانەی کە ژن وەکو پرس سەیر دەکەن و ئەویش بە دەوری پرسەکە بخولێتەوە، لە سەرەتادا کورد کێشەیەکی سیاسی نەتەوەیی هەیە، پێویستە ئەمە لە یاد نەکرێت، تا کێشە نەتەوەییەکان چارەسەر نەبێت مرۆڤ ناتوانێت بەشێوەیەکی رێکوپێك خۆی رێك بخات و چارەسەریان بکات، لەبەر ئەوەی هەر گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوکاتەی وڵات کێشەکانی خۆیان چارەسەر دەکا بەگوێرەی تایبەتمەندی ئەو کار دەکەن، ئێستاش لەبەر ئەوەی کورد لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر هەستیارن، بۆ نموونە لە تورکیا ژنی کورد لە پێش چاوان رووبەڕووی هێرشی پۆلیسی تورکان دەبنەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە(بەسێ دەرسیم) لە ساڵی١٩٣٨بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی پۆلیس خۆی لە بەرزاییەك فڕێ دەداتە نێو ئاوی چەمی (مونزر) هەروەها (تێلی خانم) لە ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ پیاوەکەی (یادۆی دیمیلی) خۆی بەکوشتن دا، ژن وەکو رەگەزێکی سەرەکی کۆمەڵگا هەژاندنی ژن کۆمەڵگا سەراوژێر دەکات، بۆیە پێویستە کورد لەم بوارەدا زۆر هۆشیار بن و واقیعیانە بیر بکەنەوە.■



**خاتوو رەیهان یاڵچنداغ، نوێنەری هەڵبژێردراوی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپاو سەرۆکی (IHD) لەتورکیا بۆ گوڵان:**

# کێشەی ئابووریی بەرچاوترین هۆکاری لەشفرۆشییە

خانم رەیهان یاڵچنداغ، ژنە کوردی زازایی ٣٠ ساڵەی مافزان لە تورکیا، کە ساڵی ١٩٧٤ لەشاری ئامەد (دیاربەکر) لەدایکبووە. کۆلیژی حقوق- ی لەزانکۆی ئەنقەرە تەواو کردووەو ماوەی ٩ ساڵە لەتورکیاو ئەوروپا کاری پارێزەریی رایی دەکات، بۆ ماوەی ٩ ساڵیشە لەدەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ کار دەکات. ئەو ئێستا سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤە لەتورکیا (IHD)و سەرپەرشتی لقی سەرەکی ئامەد دەکات. هاوکاتیش ئەندامی کارایە لەنێو دەستەی بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی لەکۆپنهاگن/ دانیمارك و نوێنەری هەڵبژێردراوی دادگای ئەوروپای کاروباری مافی مرۆڤ. هەروا ناوبراو هاوسەریی (ئۆسمان بایدەمیر)ی سەرۆکی شارەوانی دیاربەکرە.

هەڵسەنگاندنی کاروبارو هەلومەرج و مافی ژنان لەهەر وڵاتێکدا، یەکێك لەپێوانەکانی هەبوونی دیموکراسیەتە. مافی هەڵبژاردنی هاوسەر بەمەیلی خۆ و بەرگری لەبەزۆر بەشوودان، مافی تەڵاق و جیابوونەوە، مافی سەفەر بەتەنیا، مافی سەرپەرشتی منداڵ، نەمانی دەستدرێژیی، نەمانی زۆری بۆپۆشین یا نەپۆشینی جل و بەرگی تایبەت، مافی خوێندن، مافی دەنگدان و بەشداری لەتەماگرتنی سیاسیی وڵات و دەربڕینی بیروڕا، پشتگیری لە بەکەم گرتن و جیاکاریی رەگەزیی، وەك بەشێ لە مافی سەرەتایی ژنان دێتە ژمار.

سەرنج و تێڕوانینەکانی رەیهان یاڵچنداغ، پەیوەست بەژیانی سیاسیی و جڤاکیی و رێکخراوەیی لەتورکیاو پێوانەکانی مافی مرۆڤ و سڤیلبوون و پرسی ریفۆرم و بەئەندامبوونی وڵاتەکە لەکۆمسیۆنی ئەوروپا وردتر و واقیعیانەتر بوو. خانمی یاڵچنداغ پێیوایە ئەو مافانە لەوڵاتی تورکیا لەبەرچاو ناگیرێن و لەلایەن یاسادانەرانەوە پێشێل دەکرێن. ئەو هەروەها گوتی مەرجی تەڤلیبوونی تورکیا بۆ نێو یەکێتی ئەوروپا دەبێ لەبەرچاوگرتنی زیاتری دیموکراسی و پێوانە گەردوونییەکان بەتایبەت پاراستنی مافی ژنان بێت.

بەڵام ئەوە تەنیا وڵاتی تورکیا نییە کە ئەو ژنە تێکۆشەرە کوردە رەخنەی لێدەگرێ، بەڵکو رەخنەی ئەو هەموو کۆمەڵی کوردی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە. کۆمەڵێك خۆی تێیدا پەروەدەبووەو لەنێزیکەوە دەیناسێ. رەیهان لەسەر ئەم باوەڕەیە دواکەوتوویی زهنییەت و بیروباوەڕ لەم وڵاتەدا دەبێتە ئاستەنگی جووڵانەوەی دژ بەژنان. ئێستاش نۆرم و ترادسیاکانی کۆنی وەك پاراستنی حەیاو ناموس، رۆڵێکی تایبەت دەگێرن، ئەو ترادسیۆن و نەریتانەی کە زۆرجار دەبنە هۆی کوژرانی ژنان و بەپاراستنی ئابڕووی بنەماڵە لەقەڵەم دەدرێن.

ئەو دەڵێ: توندوتیژی دژ بەژنان بەشێوەی جۆراو جۆری رەوانی، فیزیکی و جنســـی لە تورکیا روودەدا، بەڵام ئێمە زیاتر نیگەرانی ژیانی ژنانین. هەمووی ئەو شێوە توندوتیژییانە دەتوانن لە کۆمەڵدا و تەنانەت لەســـەر ژیانی زیندانی بەرێوەبچن. لە بنەماڵەکانیشـــدا توندو تیژی هەیە!!

لەبنەماڵەکانــدا ژنان دووجار قوربانیـــن. خانمی یاڵچنداغ وەك ژنێکی وەکیل زۆر ژن و کچان دەناســـێ کە دەستدرێژییان پێکراوە. تەنانەت ئەم دەســـتدرێژییە لەلایەن خزم و کەسانیشیەوە بووە، کاتێك ســـوڕی ئەم کارە ئاشکرا بێت، ژنەی دەســـدرێژی پێکراو بەناوی پاراستنی ناموسی بنەماڵەی دەکوژرێت. لەناوچەکانی باشووری رۆژهەڵات، نەخشـــی بنەماڵە لەچارەنوســـی ژناندا زۆر بەرچاوە. ئەوەش کـــە ژنانی بەندی لە بەندیخانەدا دەســـدرێژییان پێدەکرێ، هەڵکەوت نییە، گەڵاڵەیەکی لەپێشادارێژراوە. خانمی یاڵچنداغ لەو بارەوە دەڵێ: "ئەم شـــێوەیە بۆیـــە دەکار دەکرێ تا ژنان لەکاروباری سیاســـیی بگێڕێتەوە و چالاکی و خەباتی ئەوان لەپێناو پاراستنی مافی مـــرۆڤ کەم کاتـــەوە و ئەوان لە دەربڕینی راســـتەوخۆی ویســـتە کۆمەڵایەتییەکانیان ســـاردبنەوە، شـــەڕی چەکدارانەی باشـــووری رۆژهەڵاتی تورکیا بۆتە هۆی دەســـدرێژیی بە ژنانی بەندی لەبەندیخانەکان. ئەم جۆرە ئەشـــکەنجەیە لە زیندانەکان بۆیە بەرێوە دەچێ هەتا ئەوان پاش لەبەند ئازادبوونیش، نەتوانن بەهۆی سوننەتەکان لە کۆمەڵ سەریان هەڵبێ.

لێرەدا مەبەســـت زۆرتر ژنانی کـــوردن، چونکوو ئەوان بەتایبەت قوربانییانی سەرەکی ئەم کارەن، لە ٪٥٩ ژنانێ کەساڵانی رابردوو لە زیندانەکانی تورکیا دەســـتدرێژیان پێکـــراوە، ژنانی کوردن. بۆ ئەندامێتـــی لەیەکێتـــی ئەورووپا وڵاتی تورکیـــا دەبێ لایەنی کەم کەمترین پێوانەی پەســـن کراوی وڵاتانی ئەورووپایی لەلایەن مافی ژنانەوە بە فەرمی بناســـێ. لەحکوومەتی ئـــەردۆگان دا بۆ ئەم بابەتە هەوڵدراوە و چەند قانوونیشـــن پەسن کراون کە دەکرێ ئاماژە بە هەڵگرتنی سزای لەسێدارەدان و نەمانی ئەشکەنجەی زیندانییان بکرێ. خانمی یاڵچنـــداغ چوونی تورکیای بۆ نێو یەکێتی ئەورپا پێ باشە و ڕای وایە تەنیا پەسنی ئەم یاسایە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بارودۆخی ژنان بەدی نایەنێ، دەڵێ: "گرنگترین گرفت ئەمەیە کـــە ئێمە ئەو گۆڕانکارییە لە جۆری بیرکردنەوەو رۆحییەتی خەڵك و لەژیانی رۆژانەدا بەدی بێنیین، چونکوو وڵاتی تورکیا وڵاتێکی سوپاســـالارییە. ئەو وڵاتەی دیموکراســـی تێدا نییە و حکوومەت ئیحترام بۆ هاوڵاتیانی دانانێ، وڵاتێکی ئێســـتا لەودا ئیحترام بۆ مافی کەمینەکان داناندرێ. بۆ وێنە ئێســـتاش مافی کەسایەتی کولتووریی کوردان بە فەرمی ناناسرێ.

باس لەمە نییە کە دەبێ ئەو گۆڕانکارییانە بە فەرمی بناسرێ. بەڵکـــو ئەمەیە کە دەبێ بەرەو یاســـایەکی بنەڕەتی و دیموکراتیك بچێتە پێش و بەو یاســـایەش بەتەواوی دەکار بکرێ. خانمی ریهان یاڵچنـــداغ مافزانی کورد، رژێمی ئەم وڵاتە بە تاوانبار دەزانێ کە ئەم مەســـەلەیە لەبەرچاو ناگرێ و بەهۆی نەبوونی سیاســـیەتی (پێکەوە حەوانەوە)ی دەوڵەت، ئەشکەنجە و رێرستنی ژنانی بەندی هەروا بەردەوامە. ئەو کەســـانەی دەگیرێن لە ڕێوە نایانبەنە زیندان و دەبرێنە چۆلە خانووی لە پێشـــا دیاریکراو و لەوێ ئەشکەنجە و ئازار دەردرێن.

رەیهـــان وەك نوێنەری یەکێتی مافی مرۆڤـــی تورکیا لەبابەت هەڵســـەنگاندنی هەلومەرجی رابردوو و ئێستا دەڵێ: "١٤ کەس لە ئەندامانی رێکخراوی ئێمە لە تێکهەڵچوونی چەکدارانەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا کوژران. ئێســـتا ئێمە لەگەڵ گێرمەو کێشەی قانوونی بەرەو ڕووین، ئەم رێکخراوەیە دەبێ بەســـەر ٥٠٠ دۆسیەدا بچێتەوە، ئەوانە دۆســـیەی ئەو کەسانەن کە بەهۆی رەخنەگرتن لە هەڵە و دەســـتدرێژیی، بەهۆی دەوری رۆشنگەری لەرگەیەنەرێن گشـــتی، بەهۆی گەڵاڵەکردنی گوزارشت گەل و.. تاوانبارکراون. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ لەگەڵ رابـــردوو بەراورد بکەین، هەلومەرجی کاری ئێستا ئاسانتر بۆتەوە".

ماوەیەك لەمەوبەر سەنگەســـارکردنی (شەمســـییە ئالاك) ژنە کوردی ســـی و پێنج ساڵە بەدەســـت براکانی بەهۆی دەستدرێژی دراوســـێکەی بۆ ســـەر ئەو، هەرایەیکی گـــەورەی لەدەزگاکانی چاپەمەنی تورکیا نایەوە. شەمســـییە هەشـــت مانگان بێ سەر و زمان بوو و سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی پزیشکان مرد. پەرلەمانی

**لەتورکیا ژن هەم لەنێو کۆمەڵگادا پلە دووە، هەم لەرووی کۆچبەریشەوە قوربانیکراون**



تورکیا ناچار بوو سەبارەت بەم مەسەلەیە هەڵوێست وەربگرێ و بڵێ: "کوشتن بەهەر هۆیەك رووبدات کوشتنە و کەم کردنەوەی سزا بەبیانوی پاراستنی شەرەف و نامووسی بنەماڵە دەبێ لابچێت".

ئێستا ئەگەرچی تورکیا ئەو قانوونەی پەسند کردووە بەڵام ژنان هەروا لەژێر تەوژم دان و توندوتیژی دژ بەئەوان هەر بەردەوامە. سەرۆکی وەزارەتی کاروباری ئایینی تورکیا (عەلی بارداش ئۆغڵوو)، لەمبارەیەوە گوتی: "ئەم توندوتیژییە دژی ژنان، لەگەڵ یاسای ئیسلامی یەك ناگرێتەوەو بنەماڵە مافی ئەوەی نییە رۆڵی دادوەر بگێرێت و سوننەتەکان یاسا نین". لەلایەکی دیکەوە، ئەردۆگان سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئەمە بەئاستەنگی تورکیا دەزانێ کە تائێستا گرفت و ئاریشەکانی ژنانی بەیەکجاری چارەسەر نەکردووە.

بەپێی راپۆرتی یەکێتی ژنانی تورکیا ٪٧٣ ی ژنان ئەو وڵاتە گەرچی نەخوێندەواریی زانستگاییان هەیە، لە سێ ساڵی سەرەتای زەماوەندا توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێت. لەپلەکانی ژێرووداا ئەم رێژەیە دەگاتە ٪٩٠. لەکۆتایی ئەم گوزارشتەدا هاتووە کە هەردوو پیاوی تورك، یەکیان ئەمە بەمافی خۆی دەزانێت بەتاوانی گوێڕایەڵ نەبوونی ژنەکەی، لێی بدات. هەروا لەهەر چوار پیاوان، یەکیان لەبێ مەیلی ژنەکەی خۆی لێی نزیك دەبێتەوە. توندوتیژی دژ بەژن لەم وڵاتەدا بەشێوەگەلی جودا روودەدا، بەڵام هەوڵ و خەباتی ژنان دژی رەوتە کۆنەپەرست و ستاتۆپارێزەکان بەردەوامە.

سەرەنج دەدەین کاتێك ئەو گوندنشینانەی لەزێدی خۆیان بەرەو مەترۆپۆلەکان راپێچ دەکرێن، وەك دەزانرێ کولتوور و مێنتالەتی ئەوان دوورە لەزهنیەت و کولتووریی شار، داخۆ دەبێ ئەو جیاوازیی و بەریەککەوتنە کولتوورییە چ گرفت و ناکۆکیەك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟! ئەی تەحەمول و تێڕوانینی شار لەبەرامبەر ئەو کۆچبەرانەدا چەندە تێڕوانینێکی ئینسانی و ئایدیاڵە؟

ئەو چالاکگەر و هەڵسوڕاوە کارایەی رێکخراوەیی وەك بەرچاوڕوونیەك هێمای بۆ ئەوە کرد کە تائێستا لەنێو باکووریی کوردستان (٣٨٠٠) گوند خاپوور و سووتماك کراوە. لەو نێوانەشدا پتر لەچوار ملیۆن کورد بەرەو مەترۆپۆلەکان راگوێزراون. بۆ شارەکانی ئیستانبۆڵ، ئەنقەرە، مێرسین، ئەدەنە، ئیزمیر، ئەنتاڵیا، ئامەد، بینگۆڵ و باتمان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی لەو گوندانەدا راگوێزراون، شتێکیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە، بەڵکو بەپێ پەتی و جلوبەرگی بەریانەوە پەلکێش کراون. هەرچی بەروبووم و مەڕومالات و سەروەت و سامانە هەموویان جێهێشتووەو چوونەتە نێو شارەکانء لەرەوشێکی ئابووریی دژواردا دەگوزەرێن.

خانمی یالچنداغ بەئەسەفەوە باسی لەوە کرد کاتێك ئەو کۆچبەرانە هاتوونەتە شار دەوڵەتی ترك بەهیچ کلۆجێك هاریکاری نەکردوون چ لەباری ئابووریی چ لەباری سایکۆلۆژیی و مەعنەویدا، بەڵکو بێهوودە سەرگەردان و پەرشوبڵاو بوونەتەوە لەشارە گەورەکاندا. لەهەموویان داخبارتر ئەوەیە کە لەنێو ئەو کۆچبەرانەدا زۆربەیان ژنن. بۆیە ئەو دەڵێت "ژن هەم لەنێو کۆمەڵگادا پلە دووە، هەم لەرووی کۆچبەریشەوە قوربانیکراون." هەروا لەنێو مەترۆپۆلەکانی تورکیادا زۆربەی ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکان دەخەون کوردن، لەو کوردانەی کە کۆچبەر کراون و گوندەکانیان سووتماك کراوە.


رەیهان دەڵێت: "ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن گەلێك زۆرن، کە دەتوانم بڵێم هەموویان کوردن". ئەو ژنانە کاتێك لەگوندەکانیان راگوێزراون بەناچاری دێن لەمەترۆپۆلەکان دەژین و زمانی تورکی نازاننء لەکولتوور و ترادسیۆنی ئەوان گەلێك دوورن، بۆیە زۆربەیان دووچاری نامۆبوون دەبن. لەبەرئەوە باری دەروونیان دەشڵەژێت و بەناچاری پەنا وەبەر خۆکوشتن دەبەن. هەروا زۆربەی ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن لەبنەڕەتدا یان پێشتر مێردەکەیان لەلایەن دەوڵەتەوە کوژراوە، یانیش ئەوەتا مێردەکەی لەزیندان گیری خواردووە. بۆیە بەتەنها دەمێنێتەوە و باری دارایی تێکدەچێت و ناشتوانێت منداڵەکان بەباشی پەروەردە بکات، لەبەرئەوە جگە لەخۆکوشتن رێگایەکی دیکە لەبەردەم خۆیدا ناهێڵێتەوە. جگە لەوەی ئەو کۆچبەرانەی دەچنە شارە گەورەکانی وەك ئیستانبۆڵ و ئیزمیر. لەوێ دراوسێ تورکەکانیان بەچاوی سووك تەماشایان دەکەن و لەبەرئەوەی کوردن خۆیان لێ دوور دەخەنەوە. بۆیە ئەمڕۆ باکووریی کوردستان بۆتە ناوەندێك بۆ گەلێك دەردو پەتای جڤاکیی، لەوانە زیادبوونی رێژەی نەخوێندەوارییء خۆکوژیی ژنان و بن پێخستنی مافی منداڵان و لەشفرۆشی ژنان و...تد.

سەبارەت بەزیادبوونی رێژەی لەشفرۆشی ژنان، خانمی یالچنداخ پێیوایە ئەمە ریاڵیتەیەکی مرۆڤایەتییە کە ماوەی سێ هەزار ساڵ بەر لەئێستا دەستی پێکردووە. بۆیە گوتی سیاسەتی دەوڵەتانیش بەگوێرەی دیدو زهنییەتی پیاوەکان رەنگرێژ دەکرێت، لەبەرئەوە هەمیشە بەچاوی کەمەوە سەیری ژن کراوەو ژنان تەنها وەك جەستەو کاڵا نرخێنراون، هەروەك کاتێك لێرە یەکێك دەستگیر دەکرێت تەنها لەش و لاری ئازار دەدرێت. بۆیە ئەو دەڵێ: "لەشفرۆشی ژنان بەتەنیا کێشەی خودی ئەو ژنانە نییە کە ئەو کارە دەکەن. بەڵکو کێشەی پیاوەکانء کۆمەڵگاء هەموو مرۆڤایەتیشە، کە رێ لەبەردەم تەشەنەسەندن و زیادبوونی باندەکانی مافیاو رفاندنی ژنان خۆش دەکەن تا بازرگانی بەجەستەی ژنانەوە بکرێت. لەبەرئەوە ئێمە نابێت تەنیا لەسەر ژمارەی ئەو ژنانە بوەستین کە کاری لەشفرۆشی دەکەن، بەڵکو شتی هەرە گرنگ ئەو رووداوانەیە کە لەدەرەنجامی ئەو کردەیە سەرهەڵدەدەن".

جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لەتورکیا، کێشەی ئابووریی بەرچاوترین هۆکاری لەشفرۆشی دادەنێت، لەتەك مەسەلەی بەزۆر بەشوودانی کچان، ئەمە جگە لەو ژنانەی بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ئەو کارە هەڵدەبژێرن، بەڵام رەیهان لەو باوەڕە دایە ئەمەی دواییان دەکەوێتە ژێر باری رێژەییەوەو زێتریش بەنهێنی ئەنجام دەدرێن. بۆیە لەدەرەنجامی ئەو هۆکارانەوە چەندین گرفتی دیکە سەرهەڵدەدات وەك کوشتن بەپاساوی شەرەف و ناموسپارێزیی کە ئەو وای دەبینێت "هەموو ئەمانە لەهۆش و زەینی پیاوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەواژەیەکی دیکە شێوەیەکە لەپیادەکردنی سیاسەتی پیاوانە لەسەر ژنان".

بەڵام بەگشتیی ئێستا ژنانی کورد لەباکووریی کوردستان زێتر لەجاران هۆشیار و چاوکراوەنء بەرەو رێکخستن و سڤیلبوون هەنگاویان هەڵگرتووەء بەشداریی کارایان لەژیانی ئیداریی و رێکخراوەییدا هەیە. بۆ نموونە، ئێستا ژمارەیەك ژن هەیە پۆستی سەرۆکی شارەوانییان وەرگرتووە. بۆیە ئێستا خەریکە وردە وردە ژنان ئۆرگانیزەء دیسپلین دەبن. لەمبارەیەوە خانمی یالچنداغ پێیوایە هەرچەند ژنان بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن ئەوا زهنییەتە پاشقەرۆکانی پیاویش بەرەو کاڵبوونەوە دەچێتەو ژن پێگەی خۆی وەك هاوڵاتی پلەیەك لەکۆمەڵگا وەردەگرێتەوە.

**لەنێو مەترۆپۆلەکانی تورکیادا زۆربەی ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکان دەخەون کوردن، هەموو ئەو ژنانەشی خۆیان دەکوژن کوردن، لەو کوردانەی کە کۆچبەر کراون و گوندەکانیان سووتماک کراوە**



**زۆربەی ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن لەبنەڕەتدا یان پێشتر مێردەکەیان لەلایەن دەوڵەتەوە کوژراوە، یانیش ئەوەتا مێردەکەی لەزیندان گیری خواردووە**

## خاتوو فەراح شافەیان گوتەبێژی ڕێکخراوی پەنابەرانی ژنی کورد لە لەندەن:

# ژنایەتی زەحمەتە و ژیانی سەر زەویش هەمیشە بۆ ژنان سەختە



فەراح شافەیان ژنە کوردی ئێزیدی کرمانشانی لەئێران بەردەوام لەنێو کار و چالاکییەکانی ژناندا ڕۆڵی بینیوە. هاوکات لەبەر خەبات و چالاکییەکانی بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی بۆتەوە. خانمی شافەیان بەناچاری دەستبەرداری خێزانەکەی بوو و ڕووی لەوڵاتی غەریب کرد و خاوەنی ٤ کچە. ناوبراو لەبەر هۆکاری سیاسیی ناچار بووە منداڵەکانی لەئێران بەجێبهێڵێت و ماوەی ٨ ساڵ دەبێت لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا دەژی. بۆیە سهافییەن ئەمجارە لە لەندەن دەستی بەخەباتی ژنان کرد. بەتایبەتی بۆ ڕێکخستنی ڕەوشی ژنانی پەنابەر کار و چالاکی گەورەی ئەنجامداوە.

شافەیان لەئێران پیشەی مامۆستا بووە و لەئێرانیش بەشداری خەباتی ژنان بووە. لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی زۆرجار هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە و ئێستا لەلەندەن لەڕێکخراوی پەنابەرانی ژنانی کورد کار دەکات، ئەگەرچی گوتی لەڕێکخراوی پەنابەرانی ژن کار دەکات بەڵام هەروەك ڕایگەیاند خۆشی ڕووبەڕووی دەیان کێشە بۆتەوە.

خانمی شافەیان دەربارەی ڕێکخراوی پەنابەرانی ژنی کورد گوتی: "خەباتەکەمان بەدوو شێوە بەڕێوەدەچێت، لەبەرئەوەی پەنابەران چەندان کێشەی ئابووری و سیاسییان هەیە، بۆ نەهێشتنی ئەو کێشانە ئەوان خەباتێکی زانستی و ئەکادیمی بەڕێوە دەبەن.

فەراه سەفاهییەت ڕایگەیاند کە پێویستە ژنان بۆ هەموو شێوە خەباتێك ئامادە بن و متمانەیان بەخۆیان بەهێز بێت، گوتیشی: "ژنان لەهەموو کونجێکی دنیا بەدەم چەندان کێشەی جۆر بەجۆرەوە گیرۆدە بوونەوە. بۆیە ژنایەتی زۆر زەحمەتە بەتایبەتی بۆ ئەو ژنانەی لەدووره وڵاتی ژیان بەسەر دەبەن، ژیانیان گەلێ چەتوون و دژوارە، لەبەرئەمەش ئێمە پێویستە وەکو ژنانی پەنابەر بەهێز و خاوەن متمانە بین و هەمیشە لەسەر پێیان بین".

بۆ دەستنیشانکردنی ئاسۆی چارەسەری پرسی ژن ئەو پێیوایە گرنگترین شت سیستمی پەروەردە و فێرکردنە، کە دەبێ ژن لەهەر شوێنێك بن خۆیان پەروەردە بکەن و یارمەتی ژنانی دیکەش بدەن. هەروەك دەڵێ: "بۆئەوەی بتوانین کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین ئەوا دەبێ ژنان ئاگاداری هەموو شتێك بن و درێژە بەژیان بدەن".

بەدید و تێروانینی خانمی سهافییەن ژن لەهەر کوێیەك بێت لەڕۆژی لەدایکبوونیانەوە ژیان بۆیان زەحمەت دەبێت. بەتایبەتی کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەسەدەی ٢١ دا دەژیت مانەوەی ڕەوشی ژن بەمشێوەیە زۆر تراژیدیئامێزە.

شافەیان باس لەقارەمانێتی ژنان دەکات، کاتێك ئەو ژنانەی دەبنە دایك و چەندان ڕۆڵەی قارەمان پێدەگەیەنن و خزمەت بەکۆمەڵگا دەکەن، بەڵام زۆرجاریش بەئاسانی دەکرێنە قوربانی دابونەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگا. خانمی شافەیان لەبەرئەوەی لەنێو ژنانی پەنابەر کاری کردووە زۆر بەچاکی هەستی بەئێش و ئازارەکانی ژنانی کورد کردووە، لەو باوەڕەدایە ژنان بەدوای یەکتری دەگەڕێن بۆئەوەی یارمەتی یەکتری بدەن. لەبەرئەمەش بڕیاریداوە کارەکانی لەنێو ژنانی پەنابەر فراوانتر بکات و بایەخی زیاتریان پێبدات.

بەگوێرەی ئەزموونی سهافییەن کێشەی پانەبەرانی ژن کێشەیەکی سەخت و گرانە و پێویستە هەوڵ و تێکۆشانی بەهێز بخرێتە گەڕ بۆ کۆمەککردنی ژنە پەنابەرەکان، بۆ ئەمەش گرنگترین شت بەلایەوە ئەوەیە کە هەر کەسێك لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێ و خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز بێت و کۆڵ نەدات.